

# لەخورماتووەوە هەتا پایتەخت

**بەکر دەروێش**
**(خورماتوو)**

بێ گومان چۆن پەنجەکانی دەست لەیەک ناچن، مرۆڤەکانیش ئاوا لەیەک ناچن، ئەم لەیەک نەچوونە تەنیا لە ڕوخسار و شێوەدا نییە، بەڵکو لەخوو و ڕەوشتیشدایە، بۆ نموونە ڕەنگە ژیانی پایتەختەکان، ئەوانەی وەک هەزار لۆغانەن بۆ هەندێ کەس مایەی شەوق و زەوق بێت، بەڵام بۆ کەسێکی وەک من بێ گومان زیندانێکی گەورە بوو.

لەوانەیە بپرسی بۆ؟ منیش پێت ئەڵێم چونکە شارە گەورەکان وەک زەریای بێ سنوورن، گەر مەلەوانی نەزانیت هەر زوو شەپۆلەکانیان ئەتخنکێنێ، من ئەگەر لەشارەکەی خۆم (خورماتوو) کار و کاسبییەکم وەچنگ کەوتبا، منەی مارم ئەکرد ئەچووم بۆ پایتەخت؟ وەلێ ئەڵێی چی ناچاریی سەرت ئەکا بەماڵی دوژمندا.

دوای تەواوکردنی زانکۆ ساڵێک زیاتر بێ کار و کەسابەت بووم، خوا خوام بوو ئیشێکم دەستکەوێ پێی بژیم، برادەرێکم هەبوو لەگۆڤاری (شەپۆلەکانی کەنداو) کاری ئەکرد کە لە پایتەخت دەردەچوو، خودا خێری بنووسێ لەلای خۆی کارێکی بۆ دۆزیمەوە و دایمەزراندم، کوردیش وتوویەتی شەڕ لەدەسبەتاڵی باشترە، سەرەتا وەک هەڵەچن دەستبەکار بووم، زۆری نەبرد لەبەر شارەزاییم لە بوارەکەدا بووم بە بەرپرسی بەشی توێژینەوەی هونەری و لێکوڵینەوەی ئەدەبی گۆڤارەکە، بەشی شیکاری بیانیش کاری ئەو سێ توێژەرە بوو کە دووانیان هندی و ئەوەکەی تریشیان ئینگلیز بوو، ئینگلیزەکە ناوی ئەدمۆنز بوو، پیاوێکی کەڵەگەتی سووروسپی بوو، وەک زۆربەی ئینگلیزەکان چاوی شین و قژی زەرد بوو، بێجگە لە زمانی عەرەبی کوردییەکی باشیشی ئەزانی، نازانم چۆن ئەو هەموو مەودایەی بڕیبوو هاتبوو لەو گۆڤارە تەنگەنەفەسەی ئێمەدا بە مووچەیەکی هاکەزایی کاری ئەکرد، ئەم ئینگلیزانە پشوویان هێندە درێژە لە هیچ شتێک بێزار نابن، خوا ئەزانێ سەبر و تەحەمولیان لە سەبر و تەحەمولی هین ئەچێ، هەندێ کەس ئەیانوت مستەر ئەدمۆنز و هەردوو هاوڕێکەی سیخوڕن، هەواڵگری ئینگلیز ناردوونی بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی وڵاتی

میزۆپۆتامیا بن، ڕۆژێکیان لە کافتریاکەدا کۆمەڵێ کارمەند دانیشتبووین، نانی نیوەڕۆمان دەخوارد، بەکوردی لە مستەر ئەدمۆنزم پرسی: ئەرێ مستەر ئەدمۆنز تۆ چۆن کوردی ئەزانی؟ کەچی ئەو بە عەرەبی وەڵامی دامەوە و وتی: کاتی خۆی کوردێکیان هێنا بۆ ئاواییەکەمان لە بریتانیا تا فێری زمانی ئینگلیزی بێت، کەچی دوای دوو ساڵ، ئێمە هەموومان فێری کوردی بووین، ئەو فێری ئینگلیزی نەبوو. کەوای وت عەرەبەکان هەموویان دایانە قاقای پێکەنین و تا توانییان خەنین و وتیان "سودگ کوردی" لە سەرەنی ئەمەوە زۆر لە مستەر ئەدمۆنز تووڕەبووم و بڕیارم دا ئیتر قسەی لەگەڵدا نەکەم و پێوەندی لەگەڵدا نەگرم، شەوەکەی زۆر بێ تاقەت بووم، بۆ ڕەواندنەوەی بێ تاقەتییەکەم بڕیارم دا پێکێ دووان مەی بخۆمەوە، بۆ ئەم مەبەستەش چووم لەبارەکەی نزیکمان (باڕی ئەبو نەواس) بوتڵێ (بلاک جاکم) کڕی، هەرچەندە پێشتر مەیم نەخواردبووەوە، بەڵام ئەو شەوە وەک کوردی دۆ نەدیو هەر بەڕێوە پیرە بوتڵم وەک بیبسی کۆلا بەسەرەوەنا، بە یەک بین چارەکێکیم هەڵقوڕاند، تا بلێیی تفتوتاڵ و ناخۆش بوو، لەبەر خۆمەوە وتم: (ئەی سنانم لێدایت بەخوا دەوایەکی ناخۆشیت).

زۆری پێنەچوو سەرم گێژبوو، ڕشانەوەم ئەهات، چووم لەسەر قەرەوێڵەکەم پاڵ کەوتم، ئاگام لەخۆم نەما شەو و ڕۆژێک تەخت خەوم لێکەوت، ڕۆژی دواتر کاتێک بەئاگا هاتم و چوومەوە بۆ دائیرە، هێشتا سەرم گێژ بوو، سەیرم کرد غاییبیان داوم، بەم هۆیەشەوە چارەکێ لە مووچەکەم بە فیڕۆ ڕۆیشت، لەو ڕۆژەوە سوێندم خوارد ئیتر قەت ئەم دەوایە بۆ هیچ نەخۆشییەک بەکار نەهێنم، لەداخی دەردی دڵی خۆما چووم لە کافتریاکە دانیشتم و دەستم کرد بەجگەرە کێشان، تەماشام کرد مستەر ئەدمۆنز و سەرۆکی بەشی عەرەبی ئوستاد عبدولڕەحمان ئەلجبوری هاتن بۆلام و داوای لێبووردنیان کرد، عبدولڕەحمان ئەلجبوری وتی: (کاکۆ لاتزعل ترا مابها شي، استاد ئەدمۆنز يتشاقه وياک، های موچان کوردي چان عربي). ئەدمۆنزیش وتی: (تۆ بۆ وا زوو زویر دەبیت، گاڵتەم لەگەڵت کرد؟ من لە شەستەکان شەش ساڵ لە کۆیە مامۆستابووم، لەوێ فێری زمانی کوردی بووم). وتم: (مستەر ئەدمۆنز من لەوە تووڕە ئەبم تۆ لەبەردەم عەرەبەکاندا گاڵتە بە کورد دەکەی). ئەدمۆنز هەزار سوێندی خوارد و وتی: (من مەبەستم ئەوە نەبووە، من کوردم خۆش ئەوێ، چۆن گاڵتەیان پێ ئەکەم). پێکهاتینەوە و لەسەر حیسابی ئەو سەر و گلاس چامان خواردەوە، عەبدولڕەحمان و مستەر ئەدمۆنز هەر دڵی منیان ئەدایەوە و ئەیانگوت نابێ وا جیقڵدانت تەنگ بێت، ئەبێ دڵت گەورە بێت و تەحەمولت هەبێت، منیش کە هێشتا نەشوەی عارەقەکە بەتەوای بەری نەدابووم، بیرم لەلای قسەیەکی ئۆکتاڤیۆ باز بوو کە ئەڵێت: ئێمەی مەکسیکی ئەخۆینەوە بۆ ئەوەی ڕابوردووی خۆمانمان بیر بچێتەوە، کەچی ئەمریکاییەکان ئەخۆنەوە تا ڕابوردووی خۆیانیان بیر بێتەوە، ئێمە هەمیشە لە ڕابوردووی خۆمان هەڵدێین، کەچی ئەوان هەمیشە شانازی بە ڕابوردووی خۆیانەوە ئەکەن، ئێمە لە ئایینده ئەترسین، ئەوان باوەشی بۆ ئەکەنەوە، لە خۆمم ئەپرسی ئایا من وەک کوردێک لە کوێی ئەم وتەیەدام؟ منێک نە ڕابوردووم دیارە و نە ئاییندەم، ئێستا بێزارم و ساڵ بەساڵ ئەڵێم خۆزگەم بەپار و پێرار، کە بۆ پار و پێرارەکەش ئەگەڕێمەوە سەرم سوڕ ئەمێنێ، ئەوەی خۆزگەم پێی خواستووە کامەیە؟ مستەر ئەدمۆنز هەستی کرد بیرم لای ئەوان نییە وتی: (کاکۆ بیر لەچی ئەکەیتەوە؟ گوێی مەدەرێ بەبای کە). منیش وتم: (مستەر چی بە باکەم، ئایا مرۆڤ ئەتوانێ خۆی بەباکات؟). ئەویش وتی: (مرۆڤ ئەگەر پڕ نەبێت، خۆیشی بە با نەکات، ئەوە با هەر ئەیبات)، ئینجا پرسی: (ئەرێ بەڕاست تۆ ئینگلیزی ئەزانیت؟). منیش وتم: (نەخێر!). وتی: (کەوابوو تازە تۆ بەشەمەندەفەری ئەم گێتییەدا ناگەی). منیش تۆزێک ڕامام و وتم: (مستەر ئەدمۆنز من ناوی مستەر ئەدمۆنزێکی تریش لە یادەوەرییەکانمدایە، کاتی خۆی ئەویش لێرە بووە، ئەڵێن بناغەی زۆر شتی ئەم وڵاتە ئەو دایناوە، ئێوە چەند ئەدمۆنزتان هەیە؟). پێکەنی و وتی: (ئێمە هەموومان ناومان ئەدمۆنزە). منیش وەک ئەو پێکەنیم و وتم: (ئەی ناکرێ منیش ناوی خۆم بگۆڕم و بیکەم بە ئەدمۆنز؟). سەرێکی باداو وتی: (هەر کەسێک بەناوی خۆی و میللەتەکەیەوە جوانە). وتم: (بەمیللەت و زیللەت مەمخەڵەتێنە، سبەی ناوی خۆم ئەگۆڕم و ئەیکەم بە ئەدمۆنز!). وتی: (کاکۆ تا من و ئوستاد عەبدولڕەحمان ڕازی نەبین، تۆ ناتوانی ناوی خۆت

بگۆڕی و ناوی تازە لەخۆت بنێی؟)، ئینجا هەردووکیان دایان لەقاقای پێکەنین و بەجووتە وتیان: (کاکۆ ئێستا کەی کاتی ناو گۆڕینە، ناوەکەی خۆت عەیبی چییە، بۆ ئەیگۆڕی؟). من هیچم نەوت و ئەوان هەر قسەیان ئەکرد، وەک یەکێک کەوتبێتە چاڵێکەوە، بەحاڵ گوێم لەدەنگیان ئەبوو، هەستم ئەکرد ئەیانەوێ بەو قسانەیان بمخەڵەتێنن و تووشی داڵغە و دوودڵیم کەن، ئەوان زۆریان وت و من کەمم بیست، هەر دەمیان ئەکردەوە و دەستیان ڕادەوەشاند، منیش هەر سەرم بۆیان ئەلەقاند، ئەوان لەخەیاڵێ بوون و من لەخەیاڵێ، دوای ڕۆیشتنیان بە تەنیا مامەوە، نازانم بۆچی لەو شارە گەورەیەدا هەمیشە تەنیا بووم، هەر کەسێک ئەبوو بە دۆست و برادەرم، هەستم ئەکرد لەخۆی بە کەمترم ئەزانێ، لە بیرمە ڕۆژێکیان لەنێو پاسێکدا بووم لە کەسرەو عەتەشەوە بۆ مەیدان ئەچووم، بەڕێکەوت لەتەنیشت قوتابییەکی کوردەوە دانیشتبووم، دوای یەکترناسین، کەوتینە قسەکردن، باسەکەمان چووە سەر برایەتی نێوان گەلانی ئێراق و پێویستی کارکردن بۆ دامەزراندنی ڕژێمێکی سۆسیالیستی کە کار بۆ یەکسانی و برایەتی نێوان گەلان بکات، لەو دەمەدا کە ئێمە سەرگەرمی ئەم قسەو باسانە بووین، زەلامێکی عارەب چەند جارێک بە سایق پاسەکەی وت: (عندک نازل)، واتە دابەزینت هەیە، سایقەکە گوێی لێ نەبوو، کابرای عارەب لە سایقەکە تووڕە بوو و پێی وت: (شنو ئنتە کوردی ماتفتهم)، واتە چییە تۆ کوردی وا دەبەنگی و تێناگەی؟ من و هاوڕێکەم کە گوێمان لەم قسەیە بوو سەیرێکی یەکترمان کرد و بە نیگای چاو بەیەکترمان گوت: سەیرکە ئێمە باسی چی دەکەین و ئەوانیش چۆن تەماشای ئێمە ئەکەن؟ ئەوان ئەگەر کەسێکیان گێل و دەبەنگ بێت ئەڵێن ئەڵێی کوردە وا گەمژە و گێلەوارە.

ئەو ڕۆژە چەند بیرم ئەکردەوە بەهیچ ئەنجامێک نەدەگەیشتم، دوای دەوام لەڕێگا ئەگەڕامەوە ژوورەکەم، هەر بیرم لەخۆم و قسەکانی مستەر ئەدمۆنز و ئوستاد عەبدولڕەحمان ئەکردەوە، قسەکانیان و پێکەنینەکانیان لەنێو سەرما وەک کرم مۆخمیان ئەخوارد، بەلبەلەیەکیان لەنێو مێشکما دروست کردبوو مەپرسە، لەنزیک تەلاری حاجی محەمەدی کەرخی بەبەردەم شووشەبەندی کۆگایەکی گەورەدا تێپەڕیم، کاتێک تەماشای شووشەبەندەکەم کرد، مچوڕکەیەک بە لەشمدا هات، دیتم سەرم بووە بە بەرمیلێکی گەورە، عەین وەک بەرمیلی زبڵی بەردەرگای ماڵان، کۆمەڵێ قەلەڕەشیش چینەیان تێدا ئەکرد، تابڵۆیی دیمەنێکی ترسناک بوو، بەبێ خواستی خۆم بەپەلە دەستم برد بۆ سەرم، سەرێکی کەمێک گەورە و دوو گوێچکەی نەختێ درێژ و لووتێکی گۆشتنی فلت و دوو چاوی بچکۆلەو دەمێکی وەک تەڵەی تەقیو لەجێگای خۆیانا بوون، بەدەم ترس و تۆقینەوە کەمێک ڕۆیشتم، دووبارە دیقەتی شووشەبەندەکەم دا، دیتم پیرە بەرمیل هێندەی تر زل و گەورە بووەتەوە و چوار ئەوەندەی تریش قەلەڕەش لێی ئالاون، واقم ورمابوو، هەر ئەوە نەبوو زاڵەترەک ببم و لەترسانا دڵم بوەستێ، سەیرێکی دەوروبەری خۆمم کرد، دۆخەکە زۆر ئاسایی بوو، خەڵک بەم لاو بەو لامدا ئەهاتن و ئەچوون، کەسیش تەماشای نەدەکردم، چەند جارێک چاوەکانم هەڵکلۆفی وتم تۆ بڵێی چاوم ڕێشکەو پێشکە بکات، سوودی نەبوو، هەموو جارێ کە تەماشای شووشەبەندەکەم ئەکرد، هەمان دیمەنم ئەبینی، ملم بەرزکردەوە تەماشایەکی نێو پیرە بەرمیلم کرد، دیتم پڕە لە جرج و مشکی تۆپیو، لە نایلۆنی ڕەش و پریاسکەی پڕ لەشمەکی گەنیو، بەدەیان قەلەڕەشیش بەکەیف و سەفاوە لەو زبڵدانەدا چینەیان ئەکرد، بەرمیلەکە ئەوەندە گەورە بووبوو ملم دەرەقەتی هەڵگرتنی نەدەهات، ترس خەریک بوو بڕستی لێ ئەبڕیم، خێرا خێرا دەستم بۆ سەرم دەبرد، نەمدەزانی چی بکەم؟ وەخت بوو شێت ئەبووم، لەترسا بە تەکان خۆمم گەیاندە ژوورەکەم، ماندوو و هیلاک، کفت و لفت، لەسەر کورسییەک دانیشتم، تۆزێ پشووم داو بەترس و لەرزەوە چوومە بەر ئاوێنەکە، تەماشایەکی سەری خۆمم کرد، دیتم سەرم لەجێگای خۆیەتی و چ عەیبی نییە، تۆزێ هێور بوومەوە و پشوویەکم دا، بەڵام باپێچکەی ئەو تۆقینە لەدڵمدا هەر خولی ئەخوارد، جارجار بەوە دڵی خۆمم ئەدایەوە کە ڕەنگە لەبەر ماندوو بوون چاوم ڕێشکەوپێشکەی کردبێت، یان ئاسەواری مەیەکە بێت، یان لەداخی قسەکانی مستەر ئەدمۆنزدا وام لێ هاتبێ، ئەو ئێوارەیە نەچوومە دەرەوە و لە ژوورەوە مامەوە، برادەرێکی عەرەبی خەڵکی بەسرەم هەبوو لە بەشی دیزاین کاری دەکرد، تەلەفۆنی بۆ کردم پرسی: ئەمڕۆ لە کافتریاکە

لەگەڵ مستەر ئەدمۆنزدا باسی چیتان کرد؟ منیش سەرلەبەریم بۆ گێڕایەوە، چیمان وتووە و چیمان نەوتووە، وتی: (ئەمڕۆ تا کۆتایی دەوام هەر بە تۆ پێکەنیون، ئەیانگوت بەخوا کابرایەکی خۆشباوەڕە، هەرچی پێ بڵێی دەسبەجێ باوەڕ ئەکات، ئەمە چۆن کراوەتە بەرپرسی بەشی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی؟).

هەرچۆنێ بوو برادەرەکەم بەڕێ کرد، ویستم بخەوم هەرچیم کرد نەمتوانی، هەستم ئەکرد بەرمیلەکەی سەرم تادێت گەورەتر ئەبێتەوە، تەنانەت بۆنیشی ئەهات، جیقە جیق و فرەفرِی قەلەڕەشەکانیش تادەهات زیاتری ئەکرد، ئەو شەوە هەرچۆنێ بوو ڕۆژم کردەوە، بەیانییەکەی لەدایەرە مۆڵەتم خواست و چووم بۆ نەخۆشخانە، هەندێ پشکنین و مشکنینیان بۆ کردم و هەندێ داوودەرمانیان دامێ، سوودی نەبوو، ڕۆژ بەڕۆژ هەستم ئەکرد باری تەندروستیم خراپتر ئەبێت، بۆیە بڕیارم دا دەست لە کارەکەم هەڵگرم و بگەڕێمەوە بۆ خورماتوو، پێش ئەوەی ئۆغر بکەم، مستەر ئەدمۆنز هاتە لام و داوای لێ کردم، دان بەخۆمدا بگرم و واز لە ئیشەکەم نەهێنم، چونکە دەردی بێکاری و نەبوونی گرانە، دیسان وەک نەریتی خۆیان زۆر ئامۆژگاری کردم و زۆری وت، بەڵام من هیچ وەڵامم نەدایەوە، لەدڵی خۆما گوتم نەسیحەتی چیم ئەکەی، هەرچیم بەسەر بێت ئێوەی ئینگلیز لێی بەرپرسیارن، کاتی خۆی ئێوە کوردستانتان بەم عەرەبستانەوە لکاند، ئێمەتان کردە پارسەنگی سوننە مەزهەبەکانی ئێراق تا هاوسەنگی شیعەکان ڕاگرن، ئێمەتان کردە قوربانی بەرژەوەندی خۆتان، ئیتر نەسیحەتی چیم ئەکەی؟ ئەو بەیانییە بەتەواوی باری دەروونیم تێکچوو بوو، لەخۆمەوە قسەی چات و پاتم ئەکرد، دەمەو نیوەڕۆ تەکسییەکم گرت و چووم بۆ گەراجی نەهزە، لەدڵی خۆما گوتم: (پیاو ئەگەر بێکاریش بێت و لەبرسانا بمرێت با لەنێو کەسوکار و زێدەکەی خۆیا بمرێ، ئەمە کەی وڵاتی منە سەگم تێی ڕیان). لەنێو پاسەکەدا وەک کەسێک لە هۆشی خۆی چووبێت ئاوابووم، دوای ماوەیەکی زۆر ڕێکردن لەپڕ بە ئاگا هاتمەوە، هەستم بەگوڕ و تین و چالاکییەکی زۆر کرد، هەستم ئەکرد باری لەشساغیم زۆر باشە و ئێشوئازار لەگیانما نەماوە، لەم گۆڕانکارییە کتوپڕە سەرم سوڕمابوو، لەجامەکەوە تەماشایەکی دەرەوەم کرد دیتم لە حەمرینین، دروست لە سەیتەرەکەی شەهید فەرهاد.